

بۆ ئەوەی
هەرچی
هەتەو
نیتەبە من
بچێ

نیگار نادر

2006

29th August

گیانەبا شت فێرکردوەرۆژێ دەجار

تەنورەکەم هەڵداتەوەو

کڵاوەکەم لەسەر بفرێنێ.

30th August

بۆ ئەوەی خۆمت لێ بشارمەوە

خۆ دەخزێنمەبن بەتانی

کەچی دەبینم لەوی گەرمتر پێموەردەبی!

31st August

سەد جار پێت دەڵێم گیانە

توڕەم دەکەی قەیناکا...بەڵام توند گوێچکەم

مەگەزە،دەنا ئەو جارەی ئاشت نابمەوە ها.

4th September

تا پاروەنانێک لەناو دەممدا دەجووم

دەجار پتر دێیەناوو دەموچاوم و لە

دەلایانڕا زەینم دەبەی.

8th September

وەکو ئەوەی شیعرێک بنوسم

ئەتۆم خۆشویست

شیعرەکەم بڵاوکردەوەلێ ئەتۆ نا...

9th September

لەڕێگایەم کزەیەکی سارد هەڵدەکا

دەزانم دەیەوێ ئەتو لەسەر ڕووم بفڕێنێ

بۆیەبەکڵاوەکەم توند ڕومەتم دادەپۆشمەوە.

11th September

لەقاڵدرمەیەک وەسەردەکەوم کە

کۆترێک دێتەخوازبێنیەم... بۆیەلەخۆشیانە

چاکەت و بوتڵەئاوەکەم لەسەر دیوارێک لێ

بەجێ دەمێنی.

12th September

کەدەزانم لێم تورەی ڕەنگم وەکو ڕەنگی ئەو

خۆرەی پایزێ زەرد دەچێتەوەو...چ نامێنێ سەری

پێنەکەم و لەبۆی نەگریەم لەسەری.

13th September

لەدوکانێک لادەدەم تا گەنمەشامی بکڕم

هەر کیسەگەنمەشامیەکەهەڵدەگرم و زەنگیکی تۆ دیت

بەخۆو بەگەنمەشامی هەڵدەرژیینەئەو گۆڕەی

لەخۆشیان.

14th September

سەردەستەی کراسەکەت بۆن دەکەم و

لەبیرم دەچێتەوە

کەمن ژنێکی بەسەرچووم.

15th September

باوهشم لێک ئاوهڵادهکهم و ههرتک دهستان ههڵدێنم

تا ئهگهر گهیشتیهجێ

لهباوهشمدا ناوی خۆت لهبیر بچتهوه!

16th September

زهنگی موبێلهکهم دهنگی تۆ لهسهر داناوه که

ئهودهمانهی بانگم دهکهی...لهبۆیهههرکهسیک لهههر کوێی

دونیایهڕا زهنگم بۆ لێدا وهدهزانم ئهتۆ بانگم دهکهی.

20th September

ئهورۆ بڕیارم داوهدڵم بکهمهخێر

ههر کهسی تووشی ببم هو لهسهر ڕێیهم بێ

دهیدهمێ

23rd September

ئهو شهقام و درهختانهی خۆشمدهوێن

لهخۆشهویستی تۆڕا ههمووم بهناو تۆ کردوون

بهناوی تۆ ناویان دهبهم .

24th September

ژێرکراسهمۆرهکهم دادهماڵم وژیان لهبهر دهکهمهوه

ئهو جار خۆم بۆ دهنگت وهردهخهم

27th September

ئهورۆ وهکو ڕسته کلیلهکان بهکهمهرتهوهدێم ودهچم

لەوسەری ڕا زرینگەو خرینگەم لێت دێ.

28th September

وەکو پشیلەدێمەسەر شانەکانت
وگوێچکەکانت

دەخورێنم تا خەو دەمانباتەوە.

1st October



جار نیەکەدەتبینم ناوی خۆم لەبیر
نەچتەوە

نازانم بۆ شەپۆلی چاوەکانت

هەموو زەینم ڕادەدا.

2nd October

لەشەقامی کنزنگتن وەسەر دەکەوم کە

بۆنت دێتەبەر کەپووم،بەدووی بۆنتدا سەر
لەهەموو

قاوەخانەو بارێک ڕۆدەکەم..

ڕۆژبەتەواوی هەڵدەکشی ئەوڕۆش ناتبینمەوە.

8th October

تاقەتم نیەهیچی خۆم بژمێرم وحیساب بکەم

نەپارەنەماڵم نەنامەکانم..هەر ئەوەندەی دەزانم

ئەتۆ یەکی و لەهیەکیش پتر نازانم.

14th February

ئەورۆ لەپاش ئەوەی تێر سەرنج لەچاوەکانت دەدەم

هەر هەموو ماچەکانم بەلاش دەکەم.

17th February

چەند حەزم لێیەبێمەبن چاکەتەکەت و

ئیدی کەس زەفەرم پێنەباو

نەمبینێتەوە.

9th January

پەنجەکانت لەپیش چاومن چۆن خۆ

بەپیتەکان دادەدەن تا تێکستێکم لەبۆ دەنووسن.

10th January

وەکو ئەوەی بێمەبەر ئاوینەدێمەبەرت و

یەخەی کراسەکەم ڕاست دەکەمەوەو دوو جار

پرچم هەڵدەدەمەوەو جا

دەچمەدەری ئەورۆش.

13th January

ئەورۆ کەراسێکی سینگ داچەقاوم لەبەردایە و

پیاوێکی چاوباشقاڵم لەزەین دایە.

15th January

پیتەکانی ناویشت حەزم لێدەکەن

لەهەر جێیەکی بیانبینم و ڕێکەوتیان بکەم سوور

هەڵدەگەڕێن و بیست ئاوڕم بۆ دەدەنەوە.

19th January

ملپێچەژەنگیەکەت گەردەنتی لێشاردوومەتەوە

بەحەسوودی من بەدووقەدی ئامێز لە

گەردەنت دەدا.

25th January

ئەوڕۆ بەتەنها گڵۆپی سەوز بۆ تۆ

پێدەکەم..

دەنا بۆ هەموو ژیان سوور.

30th January

ئێستا کەراسەگووڵ زەردەکەم بۆ

کوورت بۆتەوەو هەر تا سەر چۆکم دێت و ئەو

پیاوەچاو زەردەش تا خوار چۆکم.

10th November

ڕەنگی ئەو یەکدوو کاکڵەگوێزەڕەنگی تۆم

دێینەوەپیش چاوان بۆیەدەیانخەمەوەسەر قاپەکەی و

دڵم نایەبیانخۆم و

پاروهنانهکهبهوشکی دهجووم.

7th November

پێیهکم لهناو دونیایهو پێیهکهی ترێشم

لهناو تۆ...

نازانم کێههتان بۆ کێههتان دهست لێههڵگرم؟

1th May

دێیهوهناو گوڵهههناریهکانی سهر جێگایهکهم و

بۆنت لهبالیفهکهم دهگهرێ سبهینان

ههر کهکهدێمهوهلیت دهگهڕێم لهژورهکهم

لهپڕ دهبینم لهناو کاتژمیرهقاوهیهکهدهردهپهڕی و

دهڕۆی.

19th May

چیای خۆم برژانگهکانی چاوت ماچ دهکهم

ئهورۆ ڕهدووی با کهوتووم و نایهمهوه

با ڕاتموسم دهی.

29th May

باران تاو ناتاوهدهستهکی دهگهیهنێتهبهلهکم و

سهر بهرانهکانم دهکا و قوڵ بۆنم لێههڵدهمژێ..بۆیهئهورۆ

ئێوارێ بۆنی من لهگهردهنی دی و ئهتۆش دیار نی

بێیهوه.

29th July

لەسەر پشتت ڕا دونیا دیارەو

بانگم دەکا لێ سەر پشتی تۆ بەدونیا

ناگۆرمەوە.

24th July

مۆبێلەکەم کەزەنگی تۆی بۆ دێت لەخۆشیان

ڕوومەتی لەرووومەتی من سۆرتر هەڵدەگەرێن و

خەندەیەکی تەنک دەگرێ،ئەو لەمن بەپەلەترەبۆ

بیستنی دەنگت.

22th July

هەموو شتێکت وێکرا وروژاندووم،چاوەکانم، دڵم، ڕوحم و

زمانم وروژاوە، دەزانی دیسان حەزم لە

دەنگی کۆخینەکەتەبەو بەیانیەی لەهەر

کوێیەک بکۆخی دەستت بەپشتتدا دەدەم ئێ..

18th July

دونیا ماندوی کردووم چەند پاڵی دەدەم تا بروا

لەپڕ کەدەبینم هاتۆتەپشتم و ئەو من پاڵ پێوەدەنێ و

خلۆرم دەکاتەوەبەناو خۆیدا.

5th December

ئەورۆ وەکو گێژەڵۆکەبەناو

خۆشەویستاندا هەڵدەکەم هەرچی

دهگهڵم رۆناون لێیان خهراپ دهکهمهوه.

6th December

دیسان هێندهبێ کهیفم ههموو شتێک ڕادهسپێرم

بۆ ژیان

لێ تا ئیستا شتاقیان وهڵامیان نیه.

10th December

ههورێک لهسهر سهرمهزۆرم کهیف لێیهو

ههر حهزناکهم ئاوا بێ چونکهزۆر به

پشتهملی تۆ دهچێ گیانه.

12thDecember

ئهوڕۆ کهراسیکی فستهقی لهبهر دهکهم و

سهر لهژیان دهشێوینم تا ههرچی

ناوو ناونیشان ههیهلێی ههڵهدهکهم.

17th December

ههموو شهوێ پێش ئهوهی بنوم

قومیک لهناوت غهرغهرهپێدهکهم و

ناو دهمم فێنک دادێنی.

10Th October

گیانهدهزانی ژیان چهند رهنگاوڕهنگه

چهندهدابڕان و چهندهیش جهنگه؟

12th October

دەنگی شەمەندەفەرو پاس  ماتۆڕۆ ئەمبلانس و



ترۆمبێلەکەنی  ئەو
شارەهەموو
بەدەنگت دەچوێنم..

بۆیەخەریکە ئەو
شارەشم خۆشدەوێ.

16th October

هەموو رۆژێ دەزانم
دڵت چەند جار
لێدەدا و

چەند جار دەپژمی
وچەند
جخارەدەکێشێ و
چۆن جخارەکەت

دادەگیرسێنی...

ئەگەر نەشتبینم.

29th October

تێکست مەسیجەکانم زۆربەرەلان هەر بەنیو سانیە

دهگهنه ڕۆمانیا و خۆ بهستۆکهۆڵم دا دهکهن و سهرێک له
ئهمستردام وهژورێ دهنێنو بهرهو ئهستهمبۆڵ دهفڕن و
ههر بهنیو سانیهش وهڵامیان دهگهریتهوه.

*negar nadir

2006 diary

نیگار نادر

2006

29th August

گیانەبا شت فێرکردوەرۆژێ دەجار

تەنورەکەم هەڵداتەوەو

کڵاوەکەم لەسەر بفرێنێ.

30th August

بۆ ئەوەی خۆمت لێ بشارمەوە

خۆ دەخزێنمەبن بەتانی

کەچی دەبینم لەوی گەرمتر پێموەردەبی!

31st August

سەد جار پێت دەڵێم گیانە

تورەم دەکەی قەیناکا...بەڵام توند گوێچکەم

مەگەزە،دەنا ئەو جارەی ئاشت نابمەوە ها.

4th September

تا پاروەنانێک لەناو دەممدا دەجووم

دەجار پتر دێیەناوو دەموچاوم و لە

دەلایانڕا زەینم دەبەی.

8th September

وەکو ئەوەی شیعرێک بنوسم

ئەتۆم خۆشویست

شیعرەکەم بڵاوکردەوەلێ ئەتۆ نا...

9th September

لەڕێگایەم کزەیەکی سارد هەڵدەکا

دەزانم دەیەوێ ئەتو لەسەر ڕووم بفڕێنێ

بۆیەبەکڵاوەکەم توند ڕومەتم دادەپۆشمەوە.

11th September

لەقاڵدرمەیەک وەسەردەکەوم کە

کۆترێک دێتەخوازبێنیەم... بۆیەلەخۆشیانە

چاکەت و بوتڵەئاوەکەم لەسەر دیوارێک لێ

بەجێ دەمێنی.

12th September

کەدەزانم لێم تورەی ڕەنگم وەکو ڕەنگی ئەو

خۆرەی پایزێ زەرد دەچێتەوەو...چ نامێنێ سەری

پێنەکەم و لەبۆی نەگریەم لەسەری.

13th September

لەدوکانێک لادەدەم تا گەنمەشامی بکڕم

هەر کیسەگەنمەشامیەکەهەڵدەگرم و زەنگیکی تۆ دیت

بەخۆو بەگەنمەشامی هەڵدەرژیینەئەو گۆڕەی

لەخۆشیان.

14th September

سەردەستەی کراسەکەت بۆن دەکەم و

لەبیرم دەچێتەوە

کەمن ژنێکی بەسەرچووم.

15th September

باوەشم لێک ئاوەڵادەکەم و هەرتک دەستان هەڵدێنم

تا ئەگەر گەیشتیەجێ

لەباوەشمدا ناوی خۆت لەبیر بچتەوە!

16th September

زەنگی موبێلەکەم دەنگی تۆ لەسەر داناوە کە

ئەودەمانەی بانگم دەکەی...لەبۆیەهەرکەسیک لەهەر کوێی

دونیایەڕا زەنگم بۆ لێدا وەدەزانم ئەتۆ بانگم دەکەی.

20th September

ئەورۆ بڕیارم داوەدڵم بکەمەخێر

هەر کەسی تووشی ببم هو لەسەر ڕێیەم بێ

دەیدەمێ

23rd September

ئەو شەقام و درەختانەی خۆشمدەوێن

لەخۆشەویستی تۆڕا هەمووم بەناو تۆ کردوون

بەناوی تۆ ناویان دەبەم .

24th September

ژێرکراسەمۆرەکەم دادەماڵم وژیان لەبەر دەکەمەوە

ئەو جار خۆم بۆ دەنگت وەردەخەم

27th September

ئەورۆ وەکو ڕستە کلیلەکان بەکەمەرتەوەدێم ودەچم

لەوسەری ڕا زرینگەو خرینگەم لێت دێ.

28th September

وەکو پشیلەدێمەسەر شانەکانت وگوێچکەکانت



دەخورێنم تا خەو دەمانباتەوە.

1st October

جار نیەکەدەتبینم ناوی خۆم لەبیر

نەچێتەوە

نازانم بۆ شەپۆلی چاوەکانت

هەموو زەینم ڕادەدا.

2nd October

لەشەقامی کنزنگتن وەسەر دەکەوم کە

بۆنت دێتەبەر کەپووم،بەدووی بۆنتدا سەر لەهەموو

قاوەخانەو بارێک ڕۆدەکەم..

رۆژبەتەواوی هەڵدەکشی ئەوڕۆش ناتبینمەوە.

8th October

تاقەتم نیەهیچی خۆم بژمێرم وحیساب بکەم

نەپارەنەماڵم نەنامەکانم..هەر ئەوەندەی دەزانم

ئەتۆ یەکی و لەیەکیش پتر نازانم.

14th February

ئەوڕۆ لەپاش ئەوەی تێر سەرنج لەچاوەکانت دەدەم

هەر هەموو ماچەکانم بەلاش دەکەم.

17th February

چەند حەزم لێیەبێمەبن چاکەتەکەت و

ئیدی کەس زەفەرم پێنەباو

نەمبینێتەوە.

9th January

پەنجەکانت لەپێش چاومن چۆن خۆ

بەپیتەکان دادەدەن تا تێکستێکم لەبۆ دەنووسن.

10th January

وەکو ئەوەی بێمەبەر ئاوینەدێمەبەرت و

یەخەی کراسەکەم ڕاست دەکەمەوەو دوو جار

پرچم هەڵدەدەمەوەو جا

دەچمەدەری ئەوڕۆش.

13th January

ئەوڕۆ کەراسێکی سینگ داچەقاوم لەبەردایە و

پیاوێکی چاوباشقاڵم لەزەین دایە.

15th January

پیتەکانی ناویشت حەزم لێدەکەن

لەهەر جێیەکی بیانبینم و ڕێکەوتیان بکەم سوور

هەڵدەگەڕێن و بیست ئاورم بۆ دەدەنەوە.

19th January

ملپێچەژەنگیەکەت گەردەنتی لێشاردوومەتەوە

بەحەسوودی من بەدووقەدی ئامێز لە

گەردەنت دەدا.

25th January

ئەوڕۆ بەتەنها گڵۆپی سەوز بۆ تۆ

پێدەکەم..

دەنا بۆ هەموو ژیان سوور.

30th January

ئێستا کەراسەگوڵ زەردەکەم بۆ

کوورت بۆتەوەو هەر تا سەر چۆکم دێت و ئەو

پیاوەچاو زەردەش تا خوار چۆکم.

10th November

ڕەنگی ئەو یەکدوو کاکڵەگوێزەڕەنگی تۆم

دێینەوەپێش چاوان بۆیەدەیانخەمەوەسەر قاپەکەی و

دڵم نایەبیانخۆم و

پاروەنانەکەبەوشکی دەجووم.

7th November

پێیەکم لەناو دونیایەو پێیەکەی ترێشم

لەناو تۆ...

نازانم کێیەتان بۆ کێیەتان دەست لێهەڵگرم؟

1th May

دێیەوەناو گوڵەهەناریەکانی سەر جێگایەکەم و

بۆنت لەبالیفەکەم دەگەڕێ سبەینان

هەر کەکەدێمەوەلیت دەگەڕێم لەژورەکەم

لەپڕ دەبینم لەناو کاتژمێرەقاوەیەکەدەردەپەڕی و

دەڕۆی.

19th May

چیای خۆم برژانگەکانی چاوت ماچ دەکەم

ئەورۆ ڕەدووی  با کەوتووم و نایەمەوە

با ڕاتموسم دەی.

29th May

باران تاو ناتاوەدەستەکی دەگەیەنێتەبەلەکم و

سەر بەڕانەکانم دەکا و قوڵ بۆنم لێەهڵدەمژێ..بۆیەئەورۆ

ئێوارێ بۆنی من لەگەردەنی دی و ئەتۆش دیار نی

بێیەوە.

29th July

لەسەر پشتت ڕا دونیا دیارەو

بانگم دەکا لێ سەر پشتی تۆ بەدونیا

ناگۆرمەوە.

24th July

مۆبێلەکەم کەزەنگی تۆی بۆ دێت لەخۆشیان

ڕوومەتی لەرووەمتی من سۆرتر هەڵدەگەرێن و

خەندەیەکی تەنک دەگرێ،ئەو لەمن بەپەلەترەبۆ

بیستنی دەنگت.

22th July

هەموو شتێکت وێکرا وروژاندووم،چاوەکانم، دڵم، ڕوحم و

زمانم وروژاوە، دەزانی دیسان حەزم لەدەنگی کۆخینەکەتەبەو بەیانیەی

کوێیەک بکۆخی دەستت بەپشتتدا دەدەم ئێ..

18th July

دونیا ماندوی کردووم چهند پاڵی دهدهم تا بروا

لهپڕ کهدهبینم هاتۆتهپشتم و ئهو من پاڵ پیوهدهنێ و

خلۆرم دهکاتهوهبهناو خۆیدا.

5th December

ئهوڕۆ وهکو گێژهڵۆکهبهناو

خۆشهویستاندا ههڵدهکهم ههرچی

دهگهڵم ڕۆناون لێیان خهراپ دهکهمهوه .

6th December

دیسان هێندهبێ کهیفم ههموو شتێک ڕادهسپێرم

بۆ ژیان

لێ تا ئیستا شتاقیان وهلاٚمیان نیه.

10th December

ههورێک لهسهر سهرمهزۆرم کهیف لێیهو

ههر حهزناکهم ئاوا بێ چونکهزۆر به

پشتهملی تۆ دهچێ گیانه.

12thDecember

ئهوڕۆ کهراسیکی فستهقی لهبهر دهکهم و

سهر لهژیان دهشێوینم تا ههرچی

ناوو ناونیشان ههیهلێی ههڵهدهکهم.

17th December

هەموو شەوێ پێش ئەوەی بنوم

قومیک لەناوت غەرغەرەپێدەکەم و

ناو دەمم فێنک دادێنی.

10Th October

گیانەدەزانی ژیان چەند رەنگاورەنگە

چەندەدابڕان و چەندەیش جەنگە؟

12th October

دەنگی شەمەندەفەرو پاس ماتۆرۆ ئەمبلانس و

ترۆمبێلەکەنی ئەو شارەهەموو

بەدەنگت دەچوێنم..

بۆیەخەریکە ئەو شارەشم خۆشدەوێ.



16th October

هەموو رۆژێ دەزانم

دلت چەند جار

لێدەدا و

چەند جار دەپیژمی

وچەند

جخارەدەکێشێ و

چۆن جخارەکەت

دادەگیرسێنی...

ئەگەر نەشتبینم.

29th October

تێکست مەسیجەکانم زۆربەرهەڵان هەر بەنیو سانیە

دەگەنە ڕۆمانیا و خۆ بەستۆکهۆڵم دا دەکەن و سەرێک لە

ئەمستردام وەژورێ دەنێنو بەرەو ئەستەمبۆڵ دەفڕن و

هەر بەنیو سانیەش وەڵامیان دەگەڕیتەوە.

*negar nadir

2006 diary